# بەرچینەکانی خەرامان

## سابیر صدیق

گەردیلە

ئاڵتونیەکانی ئەم

هەموو پێکەنینە هەڵوەریوە

بەشی خۆتە

بیچنەوە

** ** **

لە ئێوارەیەکی تەماویدا

کە بورجەکانی مەنتیق دەترازێن

لە دەرگا بە

** ** **

تەرمۆمیتر

چاوی لە گۆڕینی هەوا پۆشی

بە جورئەتەوە سەما کە

هەوا گۆڕا

** ** **

هەوا گۆڕاو تازە سەفەر بۆ من و تۆ

هەڵاتنە

بەبەر چاوی گوڵە مەلولەکانی شەفەقەوە

هەڵاتنە تازە سەفەر

**هەڵاتن**

**کوشتنی تریفەکانی مەعاناتە**

**بەبەر چاوی ئینسافی قەسیدەوە**

**ئەتککردنی پەریە غەمگینەکانی خەیاڵە**

**لەژێر سێبەری دارزەیتوونی تەریقەتدا**

** ** **

**ئێوارەیەکی زەیتوونی بوو**

**بەژێر چرپەی ئەو سنەوبەرانەدا تێپەڕین**

**نەیاندەزانی بەهای خۆیان لەدەست داوە**

**لەبەر ماڵی خەلیفەدا**

**دوونامیلکەی حەرامسان کڕی**

**یەکەمیان – ( چۆن فێری زمان شیرینی دەبیت !؟)**

**دووەمیان –( چۆن چێژ لە عەشق و فڕین وەردەگریت؟ )**

**لە بەر ماڵی خەلیفەدا**

**کەمێک**

**لە نغرۆبوونی بنەماکانی تەریقەت دواین**

**لەولاتر**

**لەیاسایەک دەگەڕاین**

**حورمەتی تیا بێت بۆ سەفەرە**

**بینیمان**

**بەدەست دەروێشەکانەوە**

**گەنجێتی خۆمان بینی**

پێیان دەووت:

( دەست بۆ ئەو بەهێیانە نەبەن

کە تەفسیرەکانی  تفتێتی ئێمەیان تیایە

سڵاو لە ئاوی ئەو ئەستێڵە مەکەن

لە مەحشەری ئێمە بە گومانە

بۆتان نییە

شیرینی ماچ بکەن بەباخچەکانەوە

کۆڵانەکان

بەغەزەل ئاوڕشینکەن

ڕێگە نییە

بچنە لای ئەو گوڵە مێخەکە غەمگینە

کە بۆنی سپێدەیەکی لێدێ

پڕە لە ووتافو قریشکە

لە حیکمەتی ئیقاعی تەپڵی سەرکەوتن

تا بریسکەی

سەرکەوتنی شمشێرەکانی ئیمە مابێ

ڕووخسەت نییە

ئێوە قۆپچەی پاڵتۆکانتان بکەنەوەو

بۆنی هەڵهاتنی خۆر کەن )

**   **   **

لەهەڵفڕینی بریسکەی شمشێرەکانا

تۆ گەرمایی حیکایەتەکان و

تەمەنی موقەڵیەکەی (نەنە حەمدی) یت بیرکەوتەوە

که بەئەگریجە سپیەکانی خۆی دەووت خەرامان

دەستی پیکەنینە هەڵوەریوەکانیان بگرە

تا لەومللەیە ڕەتدەبن

بە عشوەوە فانۆسەکانیان بۆ هەڵبڕە

تا لە سۆراخی ئومێدە یاقوتیەکانا

فێری ماندوێتی و شەوفڕین دەبن

لە هەڵفڕینی بریسکەی شمشێرەکانا

من ڕۆشنایی

ڕۆحیانەتی( جەمالی ئەحە خورشە )م بینی

* باڵایەکی مام ناوەندی

* دوو چاوی کاڵ

* سمێڵێکی خورمایی پڕ

باخەوانانە

لەسنگی کچەزاکانی حاجی ڕادەما

بە بولبولەکانی ( سمە ) ی دەووت ئێوە

پێوویست ناکا

بزانن چەند شەمەیە

بەمەی فرۆشێکی دەووت غرور

پێوویسیت نییە

تۆ بزانی چەندی مانگە

کامڵانە

سەیری سەعاتەکەی دەستی و

دیواری چوخمەکەی دەکرد

بەمۆری گۆشەی چەپی

بەیاننامەکان پێدەکەنی و

بە ئیمزای

ژێر ڕێکەوتننامەکانی دەووت عەزاب

عەزاب

** ** **

نەنە

لە هەڵفڕینی بریسکەی شمشێرەکانا

من مردنم هاتە پێشچاو

تۆ مناڵیت بیر کەوتەوە

مناڵیمان

دوعایەک بوو لە تەڵا

بەڕێنووسی فریشتەکان نووسرا بوو

لە وەنەوزی پاشنیوەڕۆی

مامۆستاکانی "ئایین" و

چەنەبازی

ئوستازەکانی ( تەربییەی وەتەنی ) دا بزر بوو

** ** **

بیچنەوە

بەشی خۆتە

ئەم هەموو پێکەنینە هەڵوەریوە

بۆنیماڵەکەم بناسە

لەدەرگا بە

تەمومژە

گەمارۆم مەدە بە پرسیار

بورجەکانی مەنتیق ترازان

بە جورئەتەوە سەماکە

هەوا گۆڕا ....

هەوا گۆڕاو

بە دەم ئەم هەموو هەوا گۆڕانەوە

لە تەنیشت

ئەم هەموو قولاپی ڕاراییەوە

کەسێک نییە

تێبپەڕێت

گازیکەم: وەرە شوانە

زەینی مەڕەکانت چیلێکرد

کوا سەلامەتی دەنگی شمشاڵ

لە موتوربە بوونی هەستەکانا

کە مانای ژیان بوو

لە ژێر سەرینی

کچە قەیرەکانی ئاواییدا

کوا فڕینی هێمنانەی باڵندەکانی ئاوایی

کوا ..!

لیستی حساباتی

کاکڵە گوێزەکانی ئیمان

کە لە بێدەنگی ئێمەدا

چەندین غەشتان تیا کردووە

ئێمە کە پڕ پڕ بووین

لە جریوە جریوی  نائومێدی

ناو قەفەسەکانی دانایی

لە ڕەنگی باو و

بۆنی سرکەو

تامی کۆتایی شتەکان

لە پشت بریسکەی شمشێرەکانەوە ئێمە

مەحاڵە قۆپچەی پاڵتۆکانمان بکرێتەوەو

بۆنی هەڵهاتنی خۆر کەین

بیر کردنەوە لە ڕەنگی گیا

فڕین لەدووی ئومێدە یاقوتیەکان

کوتانی ئاوە لە دنگا

عەبەسە

خەوبینین

بەپیاسەی ئەو پیتە بۆنخۆشانەوە

شتێکیان هەیە بۆ عەشق و

مانایەک دەدەن بە ئینسان

عەبەسە

عەبەس

**خەوبینین**

**بەپیاسەی ئەو پیتە بۆنخۆشانەوە**

**مانایەک دەدەن بە عەشق و**

**شتێکیان هەیە بۆ ئینسان**

سلیمانی 1997